*Journal of Language Studies.* **Vol.7, No.4, 2023, Pages (135-160)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.4.7**

IRAQI Academic Scientific Journals

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Sheikh Reza Talabani and his Unpublished Poem in the Ottoman Archive

**Hemin Omar Ahmad***
**Salahaddin University- Erbil**
**hemin.o.ahmad@su.edu.krd**
**&**
**farhad aziz Hassan**
**Salahaddin University- Erbil**
**farhad.hassan@su.edu.krd**

**Received:** 22 / 1 /2023 , **Accepted:** 19 / 2 /2023, **Online Published: 31 / 12 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

Studying the lives and works of Kurdish poets through documents and archives is an important practical step to clarifying the history of Kurdish literature. Therefore, the Ottoman Archive is an important centre to uncover the origins of the lives and works of Kurdish poets, scholars, and personalities. Sheikh Reza Talabani (1837–1910) was able to write poetry in several languages. He was the son of Sheikh Abdulrahman Talabani, a prominent leader of the Qadiri sect, who was an influential figure in the Ottoman Empire and had a close relationship with the central government and senior officials. From this perspective, this study focuses on the position of Sheikh Reza Talabani in the Ottoman

* **Corresponding Author**: Hemin Omar**, Email:** hemin.o.ahmad@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq

Empire in the shadow of Ottoman documents, as well as the discovery of his unpublished poem in the archive, which is a letter of praise to the Ottoman Sultan. The importance of this study is that it was previously only known that Sheikh Reza made several trips to Istanbul, but through this article, it corrects several previous opinions and specifically discusses the timing of his trips to Istanbul, his rank, and the fame of his praise poem to the Ottoman Sultan. The study reveals the poem for the first time.

**Keywords:** History of Kurdish Literature, Istanbul, Ottoman Archive, Sheikh Reza Talabani.

# الشيخ رضا الطالباني وقصيدته غير المنشورة في الأرشيف العثماني

**أ.م. د. هيمن عمر احمد**

**جامعة صلاح الدين**

**و**

**أ.م.م. فرهاد عزيز حسن**

**جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

تُعدُّ دراسة حياة شعراء الكرد وأعمالهم من خلال الوثائق والأرشيف خطوة عملية مهمة لتوضيح تاريخ الأدب الكردي، والأرشيف العثماني مركز مهم لكشف أصول حياة وأعمال الشعراء والعلماء والشخصيات الكردية، ومن الذين توجد له آثار فيها ومعلومات عنها الشيخ رضا الطالباني (1837–1910)، وهو من الشعراء وكان يكتب الشعر بعدة لغات. وفى نفس الوقت هو نجل الشيخ عبد الرحمن الطالباني، أحد الزعماء البارزين، ومرشد الطريقة القادرية، وكان شخصية مؤثرة في الدولة العثمانية، وله علاقة وثيقة بمركز الدولة وكبار المسؤولين. ومن هذا المنطلق تركز هذه الدراسة على مكانة الشيخ رضا الطالباني في الدولة العثمانية في ظل الوثائق العثمانية، فضلا عن اكتشاف قصيدة غير منشورة له في الأرشيف، مدح فيها السلطان العثماني. وتكمن أهمية هذه الدراسة في أنها لم تكن معروفة في السابق، سوى معلومات عن أن الشيخ رضا قام بعدة رحلات إلى إسطنبول، ثم إنه من خلال هذا البحث تصحح عدة آراء سابقة، ويناقش على وجه التحديد توقيت رحلاته إلى إسطنبول، ومكانته وشهرته، وكذلك يلقى هذا البحث الضوء في قصيدته التي فيها مدح للسلطان العثماني. كما يكشف القصيدة ومضامينها لأول مرة.

**الكلمات الدالة:** الشيخ رضا الطالبانى، الارشيف العثمانى، اسطنبول، تأريخ الأدب الكردي.

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شیعری بڵاونەکراوەی لە ئەرشیڤی عوسمانیدا

**پ. ی. د. هێمن عمر احمد**

**زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلیژی پەروەردەی شەقڵاوە**

**و**

**پ. ی. فرهاد عزیز حسن**

**زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلیژی پەروەردەی مەخموور**

**کورتە**

توێژینەوە لە ژیان و بەرهەمی شاعیرانی کورد لە ڕێی بەڵگەنامەکانەوە، هەنگاوێکی کردەیی گرنگە بۆ ڕۆشنتربوونی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی. لەو سۆنگەیەوە ئەرشیڤخانەی عوسمانی ناوەندێکی گرنگە و سەرەداوی ژیان و بەرهەمی شاعیر، زانا و کەسایەتییەکانی کوردی تێدا دەبینرێت. شێخ ڕەزای تاڵەبانی (1837–1910ز) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە وێڕای ئەوەی بە چەند زمانێك شیعری نووسیوە، لە هەمان کاتدا کوڕی شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانییە کە ڕابەرێکی دیاری تەریقەتی قادری بووە و خۆیشی لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا وەك کەسایەتییەکی کاریگەر نیشان دراوە و پەیوەندییەکی بەتینی بە ناوەندیی دەوڵەت و بەرپرسە باڵاکانی هەبووە. لەو ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە لەبەر سێبەری بەڵگەنامەکانی عوسمانی، تیشك دەخاتە سەر پێگەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەنێو دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها دۆزینەوەی شیعری بڵاونەکراوەی لەو ئەرشیڤەدا کە پەسننامەیەکە بۆ سوڵتانی عوسمانی. گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە پێشتر تەنیا دەزانرا شێخ ڕەزا چەند سەفەرێکی بۆ ئەستەنبوڵ کردووە، بەڵام لە ڕێی ئەم باسەوە چەند بۆچوونێکی پێشتر ڕاست دەکاتەوە و زۆر بە دیاریکراوی کاتی

سەفەرەكانی بۆ ئەستەنبوڵ، پلەو پایەكەی و دەنگدانەوەی شیعرە پەسنئامێزەكەی بۆ سوڵتانی عوسمانی گەنگەشە دەكات و شیعرەكەیش بۆ یەكەم جار ئاشكرا دەكات.

**<u>كلیلەوشەكان</u>**: شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەرشیڤی عوسمانی، ئەستەنبوڵ، مێژووی ئەدەبی كوردی

## 1-پێشەكی:

مێژووی ئەدەبی كوردی بەگشتی و مێژووی ژیانی شاعیرانی كلاسیكمان، هێشتا لە چوارچێوەی شیعرەكان و بەشێك لە مێژووی زارەكییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، بۆیەش كە ژیانی زۆرترین شاعیرانی كلاسیك- كوردیی ناوەند كەوتۆتە سەدەی نۆزدە، بەڵام زانیاریی ئەوتۆ لەبارەی ژیانیانەوە بەتەواوی دەست نەكەوتووە. لەو ڕوانگەیەوە پشت بەستن بە ئەرشیڤی وڵاتانی دەوروبەر بەگشتی و ئەرشیڤی دەوڵەتی عوسمانی وا دەكات سەرەداوی زیاتر لەبارەیانەوە بدۆزرێتەوە. بەو پێیەی كە عوسمانییەكان چەند سەدە حكومڕانی بەشی هەرە زۆری خاكی كوردستانیان كردووە. لەو سۆنگەیەوە ئەستەنبوڵیش وەك پایتەختی ئەو ئیمپراتۆرییە ناوەندی هاتوچۆی بەشێك لە شاعیران و ناودارانی كورد بووە، بۆیە بەشێك لە ژیان و بەرهەمی ئەو كەسایەتییە كوردانە لەوێ دەدۆزرێنەوە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، وێڕای ئەوەی كوڕی كەسایەتییەك و ڕابەرێكی گەورەی ئاینییە، كە هەر لە سەردەمی عوسمانیدا بەرهەمەكانی چاپ و بڵاوكراونەتەوە، وێڕای ئەوەش كەسێكی ڕێزلێگیراو بووە، خۆیشی چ بە بۆنەی باوكی و چ بە نووسینی شیعر بە چوار زمان و مانەوەی لە ئەستەنبوڵ، بۆتە جێی سەرنجی دەسەڵاتدارانی عوسمانی. لەنێو توێژەر و ڕەخنەگرانی كوردیشدا یەكێكە لەو شاعیرانەی ئاوڕی زۆر لێدراوەتەوە و چەندین جار و لەلایەن چەندین توێژەرەوە دیوانەكەی چاپ و بڵاوكراوەتەوە. بەڵام هێشتایش بەشێك لە ژیان و شیعری هەر بە نادیاری ماونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە یارمەتیی ئەرشیڤی عوسمانی، تیشك دەخاتە سەر بەشێك لە ژیانی و ئەو بەڵگەنامانە لە تورکیی عوسمانییەوە بۆ یەکەم جار بۆ کوردیی ناوەند دەخاتەڕوو، کە باس لە بەشێك لە ژیانی دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا شیعرێکی بڵاونەکراوەی ناوبراو بۆ یەکەم جار بڵاودەکاتەوە. توێژینەوەکە لەبەر سێبەری بەڵگەنامەکان چەند بۆچوونێکی پێشووی توێژەران سەبارەت بە چەند لایەنێکی ژیانی شێخ ڕەزا ڕاست دەکاتەوە و دەستنیشانی پەیوەندیی و پلە و پایەکەی لەنێو دەسەڵاتدارانی عوسمانیدا دەکات. هەروەها دەستخەتێکی دیکەی ناوبراو بۆ یەکەم جار لە دەستخەتخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ دەدۆزێتەوە و ئاوڕ لەو چەند وتارەش دەداتەوە کە بە تورکیی عوسمانیی سەبارەت بە ژیان و بەرهەمی شێخ ڕەزا نووسراون.

توێژینەوەکە دەخوازێ لەو ڕێگەیەوە خشتێك بخاتە سەر دیواری مێژووی ناتەواویی ئەدەبیمان و هاندەر بێت بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو ئەرشیڤانەوە ئاوڕ لە شاعیر و کەسایەتیی دیکەی کورد بدرێتەوە.

## 2-شێخ ڕەزا لە ئەرشیڤی عوسمانیدا

### 1-2 دەستخەتی دیوانەکەی

لە کتێبخانەی زانکۆی ئەستەنبوڵ کەشکۆڵێك دەبینرێت، کە نازانرێت کێ نووسیویەتیەوە، تێیدا وێڕای نمونەی شیعری چەند شاعیرێکی فارس و تورك، بەشی زۆری کەشکۆڵەکە بۆ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی تەرخان کراوە، لەگەڵیشیدا کورتەیەك لە ژیانی بە زمانی تورکی نووسراوە و زۆرترین شیعرەکانیشی شیعری تورکین و کەمێك شیعری کوردیشی تێدان. بە بەراوردکردنی ئەم دەستخەتە لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەی شێخ ڕەزا، بۆی هەیە هەندێ گۆڕانکاریی لە دیوانەکەیدا بێتەدی و ئەم دەستخەتە یەکەم جارە دەدۆزرێتەوە و دەناسێنرێت. (F 1612)

### 2-2: شێخ ڕەزا لەنێو گۆڤارە تورکییەکاندا

**2-2-1- شێخ ڕەزا لە گـۆڤاری (تصوف) دا:** حەیدەریزادە ئیبراهیم[1] لە نووسینێکیدا لە گـۆڤاری (تصوف)[2] لە ساڵی 1911 دا بە ناوی (تراجم احوال صوفیه) بە زمانی تورکی باسی شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی کردووە و لەنێویشیدا تیشکی خستۆتە سەر کەسایەتیی ئەدەبی و

[1]لە ساڵی 1864 لە هەولێر لەدایك بووە، کوڕی عاصم ئەفەندی حەیدەرییە. لە حوجرە خوێندویەتی و هەروەها بەتایبەتیش دەرسی خوێندووە. لە ساڵی 1884 لە دادگا دادەمەزرێت دوای ئەوەی تاقیکردنەوەی پێدەکرێت و لە بەرامبەر دەستەی دادگادا بە باشترین پلە سەرکەوتوو دەبێت. لە 19ی ئابی ساڵی 1886 دەبێتە نائیبی زاخۆ تا 21ی نیسانی ساڵی 1890 لەو پۆستەی دەمێنێتەوە. پاشان لە 9ی شوباتی ساڵی 1891 دەبێتە نائیبی شاری جەزیرە و لەوێ لە هەمان کاتدا بۆ سێ مانگ بۆتە جێگری قائیمقامی شارەکەش. پێش تەواوکردنی ماوەکەی، جەزیرە جێدەهێڵێت و دەچێتە ماردین. لە 29ی تەمموزی ساڵی 1894 دەبێتە سەرۆکی دادگای بەرایی شاری جددە، دوای ساڵێك لە 13ی دیسەمبەری 1895 دەست لە کارەکەی دەکێشێتەوە. دوای پازدە ڕۆژ وەك جێگری داواکاریی گشتیی دادگای مەرکەزی شاری مووسڵ دادەمەزرێ. لەبەر ئەوەی دەرهەقی ئەو سکاڵا هەبوون، بۆیە لە 29ی ئاداری ساڵی 1899 لە پۆستەکەی نامێنێت. لە 21ی ئاداری ساڵی 1901 دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی مەعاریف، هەروەها لە 22ی نۆڤەمبەری ساڵی 1901 دا نیشانەی سێیەمی مەجیدی پێدەدرێت. وێڕای ئەمانە لە 21ی ئابی 1904 دەبێتە بەڕێوەبەری مەکتەبی دارولخەلافە. دوای ماوەیەك پلەکەی دەبێتە دووەم لە ئەنجومەنی مەعاریف. دوای وەرگرتنی چەند پلە و پایەیەکی تر، لە 10ی تەمموزی ساڵی 1910 دا لە دەفتەری حاقانی بەشی کاروباری شەرعی دادەمەزرێ. لە ساڵی 1916 دا لە مدرسة الواعضین دا دەرسی مێژووی فیرەق و گروپە ئیسلامییەکان دەڵێتەوە. ئیبراهیم ئەفەندی لە 5ی ئابی ساڵی 1918 لە دار الحکمة الاسلامیەی سەر بە خەلافەت وەك ئەندام دادەمەزرێ. دوای ماوەیەك لە 11ی نۆڤەمبەری ساڵی 1918 دا وەك شێخولئیسلام لە حکومەتەکەی تۆفیق پاشادا دادەمەزرێت، دوای ئەوەی لە 3ی ئاداری ساڵی 1919 تۆفیق پاشا دەست لەکاردەکێشێتەوە، ئیبراهیم ئەفەندیش وازدەهێنێت. دوای ئەوەی حکومەتی فەرید پاشا دێتە سەر دەستەلات، ئیبراهیم ئەفەندی دەبێتەوە شێخولئیسلام و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ بەتایبەتی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ وەفدی کوردی و بەتایبەتتر کۆمەڵەی تەعالی کوردی. ئەم کارەی ئیبراهیم ئەفەندی تا دەستلەکارکێشانەوەی فەرید پاشا لە 20ی تەمموزی ساڵی 1919 درێژە دەکێشێت. لە سەردەمی دامەزراندنی حکومەتی عێراقیشدا دەبێتە وەزیری ئەوقاف و لە ساڵی 1933 لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش دەنێژرێ. دوای خۆی چەندین بەرهەمی بە زمانی تورکی بەجێهێشتوون. (Ipşirli u Beydilli, 2000,297-298 )

[2]ئەم گۆڤارە یەکەم ژمارەی لە 1911/3/23 دەرچووە و دوای 35 ژمارە لە بڵاوبوونەوە وەستا. سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازەکەی شێخ مستەفا صەففەتی نوێنەری شاری ئورفا بوو. گۆڤارەکە هەشت لاپەڕ بوو و هەموو بابەتەکانی لە چوارچێوەی مژارەکانی تەسەووفدا بوو. لە بابەتی شیعردا ئەو شیعرانەی بڵاودەکرانەوە زۆربەیان فارسی بوون و کەمێك شیعری تورکی و عەرەبیشی تێدا هەبوون. ئەو دوو کەسایەتییە کوردانەی کە پشتیوانی ئەو گۆڤارەیان دەکرد و نووسینیان تێدا بڵاودەکردنەوە هەر یەك لە شێخولئیسلام ئیبراهیم حەیدەری و شێخ ئەسعەد ئەربیلی بوون. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە: (Kara, 2011, 126)

عیرفانی شێخ ڕەزا و بە دەربڕینی (ان هذا الشبل من ذاك الاسد) وەسفی دەكات و بە میراتگریی بەلاغەتیی باوكی دادەنێت. (حیدریزادە ابراهیم، 1329، 3-5)

**2-2-2- شێخ ڕەزا لە گۆڤاری (فكرلر)دا:**

لە ژمارە 3ی گۆڤاری (فكرلر)دا، كە لە ساڵی 1927 لە ئیزمیر دەرچووە، كمال امین وتارێكی بە ناوی (كركوكلی شیخ رضا) بڵاوكردۆتەوە، تێیدا وێڕای باسكردنی بنەماڵەی شێخ ڕەزا، باسی شێوە و بەژن و باڵا و شێوازی شیعری و هەندێ لە پەیوەندییەكان و قسەخۆشەكانی دەكات و تەنانەت هەندێ نموونەی شیعری بە توركی و فارسیشی هێناوەتەوە و موناسەبەی گوتنی شیعرەكانیشی دەستنیشان كردووە. (امین، 1927، 2-4)

**2-3- شێخ ڕەزا لەنێو بەڵگەنامەكاندا**

بەڵگەنامەیەك كە ڕێكەوتی 17ی موحەرەمی ساڵی 1286 ی كۆچی (كە دەكاتە 29ی نیسانی ساڵی 1869 ی زایینی) لەسەر نووسراوە، تێیدا باس لەوە دەكات یەكێك لە مەشایەخە ناودارەكانی قادری لە كەركووك كوڕی مەرحوومی عالمی موتەبەحیر عەبدولرەحمان ئەفەندی یە و ناوی رەزا ئەفەندییە و بە مەبەستی لوتف لەگەڵ نواندنی هاتۆتە ئەستەنبول و ئەو شایانی عەتف و بەزەییە، بۆیە چوارسەد قرووشی بۆ تەرخان كراوە، چاوەڕیی ئەمر و فەرمانی جەنابی ملوكانە و شەرەف صدوورە و دواتر لە پەراوێزدا ڕەزامەندیی بۆ دەركراوە (İ..DH.. 591 – 41105).

لە بەڵگەنامەیەكی تردا كە مەجلیسی ئیداریی كەركووك لە ڕێگەی والیی موسڵەوە بۆ خەلافەتی عوسمانی ناردووە، داوای رەزامەندینواندن لەسەر مووچەی شێخ رەزای تاڵەبانی دەكات بە 360 قڕووشی مانگانە. لە بەلگەنامەكەدا پەسنی شێخ رەزا دراوە و بە یەكێك لە عالمەكانی كەركووك و كوڕی مەرحوومی شێخ عەبدولرەحمانی تالەبانی ناسێنراوە و بە ئەهلی فەزڵی عەصر ناوی هاتووە. بەڵگەنامەكە مێژووی 22ی رەبیعی دووەمی ساڵی 1312ی كۆچی پێوەیە (كە دەكاتە 1894/10/23ی زایینی)(DH.MKT.00295.00022.001).

**2-3-1 شێخ ڕەزا و عەتییەی سەنییە:**

عەتییەی سەنییە: بە واتای "بەخشین و ئیحسان" دێت. بەزۆری بۆ ئەو دیارییانە بەكاردەهات-كە زیاتر پارە بوون- كە بە كاش لەلایەن سوڵتانەكانەوە بە شاعیران، هونەرمەندان، زانایان و

مەشایخەکان دەدران. سوڵتانەکان لە ڕۆژانی دیاریکراودا کیسەی پارە، هەروەها دیاری وەک جل و بەرگ و قوماشیان بە کەسانی تایبەت دەبەخشی، لە پای لێهاتووی و خزمەتە زۆرەکانیانەوە بە دەوڵەت. ئەم پاداشتانە ڕۆڵی گەورەیان لە بزواندن و هاندانی زانا و شێخانی تەریقەت هەبوو (EMECEN,1991,64).

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا کە مێژووی 1284/8/14ی کۆچی (بەرامبەر 1867/12/11ز) لەسەر نووسراوە نووسراوێك بۆ وەزارەتی دارایی کراوە بە ژمارە 2135 تێیدا هاتووە کە ڕەشادەتلو شێخ رەزا ئەفەندی کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدولرەحمان ئەفەندی گەورە مەشایخی قادری و میوانی قەبری شەریفە (واتە مردووە)، لە ئیدارەی سەنییەوە بڕی پێنج هەزار قڕووشی پێ بەخشراوە وەك (عەتییەی سەنییە)، تکایە ئەو بڕەی بۆ خەرج بکەن (A.}MKT.MHM. 396 – 5).

بەڵگەنامەیەکی تر کە تەلەگرافە و بە شێوەی کۆد نووسراوە شەش لاپەڕەیە و لە کۆتاییەکەدا تەنیا ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە شێخ رەزای تاڵەبانی کوڕی مەرحوومی شێخ عەبدولرەحمان ئەفەندی، خۆی ئامادەکردووە بچێتە سەردانی شێخ عوبەیدوڵڵا. ئەم بەڵگەنامەیە مێژووی 1295/6/8ی کۆچی (دەکاتە 1879/5/30ز) بەسەرەوەیە. ئەم تەلەگرافە نەێنییە لە کەرکووکەوە بۆ بابی عالی نێردراوە(DH.ŞFR. 112 – 43). پێمان وایە سەروبەندی جوڵانەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە و پەیوەندی بە بانگکردنی شێخ و سەرۆك هۆزەکانەوە هەیە کە شێخ عوبەیدوڵڵا لە کۆبوونەوەیەکی گەورە بانگەێشتی کردبوون.

### 3-سەفەرەکانی شێخ ڕەزا بۆ ئەستەنبوڵ لە ئەرشیڤی عوسمانی

هەموو ئەو سەرچاوانەی کە باس لە ژیان و بەرهەمی شێخ ڕەزا دەکەن، ئاماژە بەوە دەدەن کە ناوبراو دوو جار سەفەری ئەستەنبوڵی کردووە. سەفەرەکانیش بریتین لە:

3-1 سەفەری یەکەم:

سەفەری یەکەمی شێخ ڕەزا لە هەڕەتی لاویدایە و توێژەران بۆ کاتی سەفەری یەکەمین بەسەر دوو بۆچووندا دابەش بوون، کە بریتین لە:

**یەکەم:** لە بیست و پێنج ساڵیدا (لە عومری بیست و پێنج ساڵی لە حەیاتی باوکیدا جارێك چووەتە ئەستەمبوڵ، لە گەڕانەوەی لە بەینی موصل و هەولێر، لە کاروانچییەکان خەبەری وەفاتی باوکی بیستووە، بەڵام هیچ مەعلووماتێك نییە کە لەم سەفەرەی ئەستەمبوڵ چی کردووە و بە چی

خەریك بووە؟) (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، 1946، ج) ئەم سەرچاوەیە دووەم چاپی دیوانەکەی شێخ ڕەزایە کە شێخ عەلی تاڵەبانی کوڕەزای لە ساڵی 1946 چاپی کردووە. بەو پێیە بێت ئەگەر وەك ئەو ئاماژەی پێداوە شێخ ڕەزا لە ساڵی 1253ی کۆچی لەدایکبووبێ، (سەرچاوەی پێشوو، ب)، ئەوا دەبێ لە 1278ی کۆچیدا چووبێتە ئەستەنبوڵ و وەك زانراویشە لەو سەفەرەدا دوو ساڵ ماوەتەوە، واتە ساڵی 1270ی کۆچی گەڕاوەتەوە. هەموو بۆچوونەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە شێخ ڕەزا لە گەڕانەوەیدا لەنێوان موصل و هەولێر هەواڵی کۆچی دوایی باوکی خۆی بیستووە. کۆچی دوایی باوکیشی بە بۆچوونی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس ساڵی 1275ی کۆچییە (المدرس، 1983، 272)، واتە ئەو کاتە تەمەنی بیستودوو ساڵ بووە و بەو واتایە دێت کە شێخ ڕەزا (لە تەمەنی بیست ساڵیدا کەرکووکی جێ هێشتووە و چووەتە ئەستەمبوڵ و دوای دوو ساڵ لەوێوە گەڕاوەتەوە کەرکووك) (تەرزی باشی،2011، 26). بۆ دڵنیابوونەوە لە ساڵی کۆچی دوایی شێخ عەبدولرەحمان، ئەگەرچی لە ئەرشیڤی عوسمانیدا بەڵگەنامەگەلی جۆربەجۆر لەبارەی ئەودا هەن، بەڵام بەڵگەنامەیەك کە مێژووی 1276/5/10ی لەسەر نووسراوە و ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو یارمەتیی ئازووقە و پارەیەی کە دەدرایە شێخ عەبدولرەحمان، لەبەر مردنەکەی، لە جێی ئەو لەمەودوا دەدرێتە شێخ عەلی کوڕی (İ..MVL.00425). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەچەند مانگێك پێش ئەو مێژووە ناوبراو کۆچی دوایی کردووە و هەر دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ساڵی کۆچی دواییەکەی بریتییە لە 1275ی کۆچی. هەر وەك لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا ساڵی وەفاتی بە 1275ی کۆچی داناوە، بێ ئەوەی باس لە مانگ و ڕۆژەکەی بکات(MVL.00775.00004.001). لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا شێخ عەبدولرەحمان کە پێشتر خوێندنی دوو جلدی بوخاری لە مزگەوتی مەجیدییە بەو سپێردرابوو، دەوڵەت سەد قڕووشی مانگانەی بۆ تەرخانکردبوو، لە دوای کۆچکردنی درایە شێخ عەلی کوڕی و ئەم مووچەیە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی 1274ی ڕۆمی کەڵەکەبووە لەسەر یەك(İ..MVL.00443) (وەك ئەوەی ئەو مانگە مانگی کۆچی دوایی شێخ عەبدولرەحمان بێ)، کە دەکاتە بەرامبەر مانگی صەفەری 1275ی کۆچی و مانگی ئەیلوولی 1858ی زایینی. بۆیە لە هەموو ڕوانگەکانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامانە؛ یەکلایی بوویەوە کە باوکی شێخ ڕەزا لە ساڵی 1275 ی کۆچی بەرامبەر 1858ی زایینی کۆچی دوایی کردووە و شێخ ڕەزایش لەو ساڵەدا لە سەفەری یەکەمی ئەستەنبوڵی گەڕاوەتەوە.

**دووەم:** شێخ ڕەزا (لە ساڵی 1860 دا بە حەڵەبدا چووە بۆ ئەستەمووڵ. دوو ساڵێك لەوێ ئەبێ و پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك. لە ناوچەی هەولێردا ئەبیستێت کە باوکی مردووە) (خاڵ و ئاشنا، 2003، 30) . ئەم بۆچوونەی عەلائەدین سەجادی (سجادی، 1953، 375) و شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا هەڵەیە[3]، چونکە بەهۆی دۆزینەوەی ساڵی مردنی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، گەڕانەوەی شێخ ڕەزا و مردنی باوکی لە ساڵی 1858 بووە نەك 1860.

3-2 سەفەری دووەم: توێژەرانی ژیان و شیعری شێخ ڕەزا، سەبارەت بە سەفەری دووەمی بۆچوونی جیایان هەیە. بۆ وێنە عەتا تەرزی باشی ئاماژەی بەوە داوە کە شێخ ڕەزا (بۆ دووەم جار ساڵی 1305ی کۆچی/ 1886ی زایین بەرەو ئەستەمبوڵ کەوتووەتە ڕێ، لەو بەینەدا سەری لە سوریا و میسر و حیجازیش داوە. ساڵی 1306ی کۆچی جارێکی تر دەگەڕێتەوە کەرکووك)(تەرزی باشی، 2011، 27) ئەم بۆچوونەی ناوبراو لەسەر بنچینەی شیعرێك هێناوە کە بۆ عەبدولقادر کەمالی گوتووە و هەر لەو ساڵەدا ناوبراو بە موتەسەریفی چۆتە کەرکووك.(سەرچاوەی پێشوو، 31)

هەر چی شێخ عەلائەدین سجادی و شێخ محەمەدی خاڵ-ن، ئاماژەیان بەوە داوە کە (پاش شەش مانگێك دوای مردنی باوکی لەگەڵ شێخ عەلی برایدا تێك چووە، ئەچێ بۆ کۆیە بۆ لای شێخ غەفووری مامی کە گوایە کچی خۆی بداتێ. بەم هیوایە زیاتر لە شەش مانگ لە کۆیە ئەیەڵێتەوە. بێگاری پێ ئەکا و کچەکەشی ناداتێ ئەویش تۆراوە و گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووك بە دەردەسەری و پەژارەیی لەو ناوچەیەدا ڕادەبوێرێ تا لە 1866 دا بۆ جاری دووەم دەشت ئەگرێتەبەر و ئەچێ بۆ ئەستەمووڵ. لەم کاروانەیدا ئەڕزەڕۆمیش ئەبینێ. ماوەیەکی زۆر لەوێ ئەمێنێتەوە ئەکەوێتە بەرچاوی (باب العالی) دەنگ و ئاوازەی لەو ناوەدا دەنگی داوەتەوە. هاتۆچۆی هەموو دیوەخانێك ئەکات و بەهۆی (صدر الاعظم)ەوە ئەچێ بۆ حەج لە ڕێگەی میسرەوە حەج ئەکا و ئەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمووڵ) (خاڵ و ئاشنا، 2003، 30). بەگوێرەی بەڵگەنامەکان هەردوو بۆچوونەکە هەڵەن، بەتایبەتی ئەوەی عەتا تەرزی باشی زۆر سەرچیخ چووە. چونکە ئەم سەفەری دووەمە ( لە 9ی شەعبانی ساڵی 1284ی کۆچی کە دەکاتە بەرامبەر 1867/12/6ی زایینی بووە و لەوێدا قەسیدەیەکی دووروودرێژی فارسی پێشکەشی سوڵتانی

---

[3] مەلا تاهیری بەحرکەییش لە کتێبی مێژووی زانایانی کورددا ساڵی مردنی شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی بە 1277ی کۆچی (کە دەکاتە 1860ی زایینی) دادەنێ، کە گوایە لەبەر ڕۆشنایی حیسابی ئەبجەدیی دێرە شیعرێکی مەولەوی لە لاواندنەوەی ناوبراو دەرهێنراوە. بەڵام ئەمەش هەڵەیە. بڕوانە (بەحرکەیی 2010، 64)

عوسمانی کردووه)(İDH.00569). ئەسعەد فەتحوڵڵا لە پێشەکیی چاپی دووەمی دیوانی شێخ ڕەزا لە ساڵی 1946 لەم مێژووە نزیك بۆتەوە کە پێی وایە (لەم سەفەری دووەمی ئەستامبوڵی لەگەڵ گەلێ عوزەمای ئەو وەختە موعارەفەی پەیا کردووە وە بە ڕوایەتی زۆر مەنظوری کامل پاشای صەدری ئەعظەم بووە و هەر لەم سەفەرە زۆر بە خزمەت مەرحووم ئەحمەد پاشای بەبە گەیشتووە، وە بە پێی قەصیدەیەك کە مەدحی برنس (مصطفی فاضل پاشای مصری) کردووە و باسی لە مووەفەقییەتی (بسمارك) وە بەزینی (جەنەراڵ مەکماهان) وە جەنگی (شالون) و دواڕۆژی ناپۆلیۆنی سیەمی کردووە، ئەبێ لە ساڵی 1870 ی میلادی لە ئەستەمبوڵ بووبێ. (شێخ ڕەزای تاڵەبانی، 1946، د)

3-3- سەفەری سێیەمی شێخ ڕەزا دەبێ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید بووبێ، ئەگەر چی سەفەرێکی تر -کە دیار نییە هەر تەواوکەریی سەفەری دووەمە یان سەفەری سێیەمە- بەهۆی بەڵگەنامەیەك کە مێژووی 17ی موحەرەمی ساڵی 1286 ی کۆچی (کە دەکاتە 29ی نیسانی ساڵی 1869 ی زایینی) نیشان دەدات، شێخ ڕەزا داوا دەکات لوتفی لەگەڵ بنوێنن کە بۆ ئەوە هاتۆتە ئەستەنبوڵ و بەو هۆیەوە چوارسەد قڕووشی بۆ تەرخان کراوە (İDH.00591.41105). ئەگەر ئەم سەفەرەیش بە سەفەری دووەم حسێب بکەین، ئەوا پێمان وایە زۆرترین کاتی مانەوەی شێخ ڕەزا لە ئەستەنبوڵ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز بووە، بەڵام کۆمەڵێك شیعری لە پەسنی سوڵتان عەبدولحەمیدیش هەن، ئەگەر مێژووەکەیش بەدیاریکراوی دەستنیشان نەکرابێ، ئەوا لەو سەردەمەدا بەدڵنیاییی چۆتە ئەستەنبوڵ. بۆ وێنە (لە کاتی سەرهەڵدانی چزوورەی سەرەداوەکانی (اتحاد و ترقی) بۆ پشێوینانەوە دژی دەسەڵاتی سوڵتان، ئەم گروپە بۆمبێکی چێنراویان خستبووە ناو گالیسکەی سوڵتان لە رێگای هاتنی سوڵتان بۆ مزگەوتدا تەقییەوە، سەرەنجام بووە هۆی کوژرانی هەر شەش ئەسپی گالیسکە، شۆفێرەکەشی گیانی لە دەستدا، گالیسکەکە بوو بە دوو لەت، بەڵام سوڵتان لەم رووداوە رزگاری بوو و بەرنەکەوت. بەم بۆنەوە شێخ رەزای تاڵەبانی برووسکەیەکی بە زمانی تورکی بۆ نارد کە شیعرێکی تورکییەو ماناکەی بەم شێوەیەیە:

(خوای پەروەردگار و مەزن، دروستکەری هەموانەو خەڵکی دەژیێنێت و دەمرێنێت، کاتێکیش سوڵتان سێبەری خوا بێت لە سەر زەوی، بۆمب و نارنجۆک کاری تێناکات). لە وەڵامدا سوڵتان فەرمانی پاداشتکردن و رێز و پێزانینی بە بڕی بیست لیرە بۆ دەرکرد. (البیاتی، 1987، 122)

**4- شێخ ڕەزا و سوڵتان عەبدولعەزیز**

شێخ ڕەزا پەسننامەی زۆری بۆ پادشا و کاربەدەستانی عوسمانی هەیە، بەڵام زیاتر تیشك خراوەتە سەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1842-1918ز)، ئەویش لەبەرئەوەی زیاتر لە سی ساڵی تەمەنی کۆتایی شێخ ڕەزا هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی ئەو سوڵتانەی عوسمانی. بەڵام کەمتر باس لە سوڵتان عەبدولعەزیز (1830-1876ز) کراوە کە لە 1861/6/25-1876/5/30 سوڵتانی عوسمانی بووە. واتە پازدە ساڵی تەمەنی شێخ ڕەزایش دەکەوێتە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز. ئەو سەردەمە هاوکاتە لەگەڵ نیگەرانییەکانی شێخ ڕەزا کە دوای کۆچی دوایی باوکیەتی و ململانێیەتی لەگەڵ برا و مامی، بەو هۆیەوە سەفەری درێژی بۆ ئەستەنبوڵ کردووە و قەسیدە درێژەکەیشی بێ هیچ نێوەندێك بۆ خودی سوڵتان عەبدولعەزیز ناردووە.

**5- دوو شیعرە بڵاونەکراوەکان (کە لە دیوانەکەیدا نین)**

1-لە کتێبی عروسنامەی میرزا مهدی خان کە میهری کرکوکی بۆ تورکیی وەریگێڕاوە، لە پێشەکیی کتێبەکەدا چەند کەسێك لە شێوەی پارچە شیعرێك نرخاندن (تەقریزنامە)یان بۆ نووسیوە، یەکێك لەوانە شێخ ڕەزای تاڵەبانییە کە بە یەکێك لە شاعیر و ئەشرافەکانی عێراق ناسێنراوە، تێیدا هاتووە:

عروس فکر مهدیخان که اندر کشور خوبی

شبستان وصالش صد هزاران فقل بردرداشت

نبود اندر حریم حرمتش باد صبا محرم

بیامد مهری و مهرش برید و مهر از او برداشت (مهدی خان، ؟، 3)

2-شیعرێکی فارسی شێخ رەزا کە بۆ سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی ناردووە:

ئەم قەسیدەیە کە 42 دێڕە و لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە و سەروایەکەی بریتییە لە پیتی (ن) و پاشسەرواکەیشی (آورد)ە. دەقەکە لە ڕووی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و پۆیەتیکاوە

دەقێکی بەهێزە و پەسننامەیەکی وەهایە کە دەکرێ لە ڕیزی پەسننامە بەرزەکانی ئەدەبیاتی گەلانی دیکە دابنرێ، بە تایبەتیش لە ئەدەبیاتی فارسیدا شوێنێکی بەرزی دەبێت.

زین سفر بخت سیاهم گر پشیمان آورد

تا ابد نخل امیدم بار حرمان آورد

طالع برگشته میترسم چو اسکندر مرا

تشنه لب از جویبار آب حیوان آورد

شاد باش ای دل که آخر کارساز انس و جان

کار بیسامان ما را هم بسامان آورد

آنکه درد مستمندان را همیسازد علاج

درد بی درمان ما را نیز درمان آورد

ز آتش حرمان دهد لطفش ذلیلی را امان

آنکه از آتش خلیلی در گلستان آورد

رو بدولت می‌روم با خاطر امیدوار

بی گمان بختم از انجا شاد و خندان آورد

میشتابد هر که سوی آن همایون آستان

رنج اندك می‌برد گنج فراوان آورد

از علامتهای سعد است اینکه چون من ذره‌ای

خویش را در سایهء خورشید تابان آورد

خواجهء عصر و عزیز مصر کرد دهر کسی

التجا بر درگه عبد العزیز خان آورد

قبلهء اسلامیان شاهی که کمتر بندهاش

باج از فغفور کیسرا و تاج خاقان آورد

عالم امکان ندارد آنقدر وسعت که او

در فضایش رخش همت را بجولان آورد

باکرده غازیان شیر صولت روز جنگ

دست چون بر قبضهء شمشیر بران آورد

کافر بدکیش را از نیش تیغ آبگون

یا به نیران میفرستد یا بإیمان آورد

سینهء اعدا شکافد زهرهء دشمن درد

جان ز بدخواهان ستاند سر زمیدان آورد

چون برزم آید زخشم وقهر حیدر دم زند

چون ببزم آید حیا و شرم عثمان آورد

خاتم جم دیو را در قید طاعت میکشید

مهر او جمشید را در زیر فرمان آورد

با خزف یکسان بود در دیدهء احسان او

آنچه در بطن صدف باران نیسان آورد

بر سر کنز عطایش ره برد گر سائلی

زر بهمیان میبرد گوهر بدامان آورد

ختم شد دور نبوت ورنه بودی احتمال

کز خدا روح الامینش وحی و فرقان آورد

دولت هستی نخواهد یافت مانندش بلی

ذات واجب ممتنع را چون بامکان آورد

حرفی از قانون عدلش بر خلاف شرع نیست

بلکه قانونش شریعت را بمیزان آورد

از عدالت میل در چشم جهان بینش کشد

گر بدورانش عجوز دهر دستان آورد

با ولایش خاربن بار طبرزد میدهد

با عنادش نیشکر خار مغیلان آورد

کوکب دین و دیانت را نمیماند فروغ

ماه حکمش گر خداناکرده نقصان آورد

بسکه هر ساعت بداد زیر دستان میرسد

می نیارد چنگ را مطرب بافغان آورد

شیر را نخچیر سازد گربهء کویش اگر

رو پی زور آزمایی در نیستان آورد

بر نیاید با دلیران سپاهش شاه روس

صلح را ناچار دستی در گریبان آورد

صلح و پیمانش رهاند از دم تیغ اجل

پرکند پیمانه‌اش را گرنه پیمان آورد

ای رسول الله را بر مسند دین جانشین

هم ترا باید اطاعت جن و انسان آورد

جانشین آن جنابی کز پی عز و شرف

سجده بر فرش حریمش عرش رحمان آورد

چند شعرت پیشکش آوردم و شرمنده‌ام

همچو نادانی که گوهر سوی عمان آورد

لاجرم شرمنده و رسوا شود گر تاجری

لعل را بهر تجارت در بدخشان آورد

در پذیر از من بلطفش گرچه میماند بآنکه

زیره‌ئیرا گرمکی مسکین بکرمان آورد

غیر مشتی دانهء خشخاش و برگ سبز نیست

گر گدایی تحفه‌ای از بهر سلطان آورد

در حقیقت هوشمندانش نباید عیب گفت

مور اگر ران ملخ نزد سلیمان آورد

پیشکش را گوهر و مرجان همیشاید ولی

نیستش مرجان رضا بهر تو مرجان آورد

نبودش چیزی که باشد لایق درگاه شاه

مر چو اسماعیل خود را بهر قربان آورد

تا بحکم قرب و بعد شمس و دوران قمر

فصل و سال و ماه را تقدیر یزدان آورد

گاه بنماید بهار و گاه بفرستد خریف

گاه تابستان کند گاهی زمستان آورد

آب و ایلول و شباط آزار و نیسان و تموز

مایس و کانون و تشرین و حزیران آورد

نوبهار عیشت ایمن دارد از کیش خزان

روزگار عمر با خضرت بپایان آورد

پایهء اورنگ جاهت از فلك برتر كند

سقف ایوان جلالت را بکیوان آورد (İDH.00569)

وا دیارە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ئەم قەسیدەیەی بۆ سوڵتان عەبدولعەزیز خانی عوسمانی نووسیوە، قەسیدەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێش کە بە زۆرێک لە هونەرە شیعرییەکانی ڕەوانبێژی ڕازاوەتەوە. شێخ ڕەزا زۆر لێزانانە پەسن و ستایشی سوڵتان دەکا و وەسفی یەکجار جوان و وشەی بژاردە بۆ قەسیدەکەی هەڵبژاردووە و لە هەندێ شوێندا زێدەڕۆیی (اغراق)ێکی زۆر بەدیدەکرێ و ئەمەش بە تایبەتمەندیی شاعیر خۆی دادەنرێ و پیشاندەری شێوازی شیعریی شێخ ڕەزایە. لە ڕووی کێش و سەروابەندییەوە دەشێ بگوترێ هەڵسوکەوت لەگەڵ قەسیدەیەکی بەرزی هونەریی دەکرێ و کەمترین لەنگی لە کێش هەیە و هیچ کەموکوڕییەک لە سەروابەندی بەرچاو ناکەوێ. لەم شیعرەدا شاعیر هەم ئاماژەی بەناوی خۆی داوە و هەم بە ناوی سوڵتان و دەڵێ: (خواجهء عصر و عزیز مصر کرد دهر کسی.......التجا بر درگه عبد العزیز خان آورد) واتا ئەو کەسەی ڕوو لە دەرگانەی سوڵتان بکا، دەبێتە حاکم و گەورەی سەردەم و پلە و پایەی بەرز دەبێتەوە. هەروەها لە دێڕێ (پیشکش را گوهر و مرجان همیشاید ولی......نیستش مرجان رضا بهر تو مرجان آورد) شێخ ڕەزا ناوی خۆی دێنێ و دەڵێ: ئەگەرچی پێویستە دیاریی گەوهەر و مەرجان و بەردی

گرانبەها بێ، بەڵام ڕەزا دەبێ چی بکا کە ئەم شتانەی نەبێ و تەنیا گیانێکی هەیە و پێشکەش دەکا.

شێخ ئەم قەسیدەیە بۆ سوڵتان ڕەوانە دەکا و لە بەرانبەردا سوڵتان دڵخۆش دەبێ و ئیحسانییەی بۆ دەنێرێ. دەقی ئەم قەسیدەیە و داواکاری و سەرجەم کاروبارە فەرمییەکانی ڕەوانەکردنی لە دۆسیەیەکدا هەڵگیراون و ئەو دۆسیەیەی کە ئەم قەسیدەیەی تێدایە و چەند نووسراوێکی ڕەسمیشی تیدا هاوپێچ کراوە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

نووسراوێك بۆ ڕاوێژکاری سەدارەت لەلایەن سەید محەمەد تەقیەددینەوە نێردراوە و ئاماژە بەوە دراوە کە شێخ عەبدولرەزا ئەفەندی برای شێخ عەلی ئەفەندی لە مەشایخانی تەریقەتی عەلییەی قادرییە و پۆستنشینیی کەرکووك هاتۆتە ئەستەنبوڵ بۆ لای جەنابی عالی، ناوبراو زێوەری عیلم و سەلاحە و شایەستەی لوتف و عەتف نواندنی شاهانەیە ئەو خەسڵەتانەی ئەو هی ئەوەیە لوتفی بەرامبەر بکرێ. ئەمر و فەرمانیش هەر هی حەزرەتی (من لە الامر)ە.

لە لاپەڕەیەکی دیکەی دۆسیەی بەڵگەنامەکەدا، نووسراو هەر بۆ راوێژکاری سەدارەت لە لایەن ئەسعەد موخلیصەوە نووسراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە جەنابی شێخ رەزا ئەفەندی کوڕی شێخ عەبدولرەحمان ئەفەندیی مەشایخی قادرییەی کەرکووك و رەفیقی خاکی پاك و عەترناك، هاتۆتە ئەستەنبوڵ، ناوبراو لە شاعیران و جوانانی عیلم و عیرفانە و لە ئەدیبانی مەشایخە و شایانی لوتف و عینایەت و نەوازش و ئاوڕلێدانەوەی کەریمانەی سەدارەتە و، بەو هۆیەوە ئەو نیازنامە و داواکارییە تایبەتە پێشکەش دەکەین و ئەمر و فەرمانیش هەر بۆ جەنابی (من لە الامر)ە. 19ی مانگی رەبیعولئاخەری ساڵی 1284ی کۆچی.

لە نووسراوێکی دیکە بەشی راوێژکارییەکەی ناوخۆ نووسراوێك لەسەر بنەمای دوو نووسراوەکەی پێشوو بۆ سەدارەت بەرزدەکاتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەدات کە؛ جەنابی شێخ رەزا ئەفەندی کوڕی شێخ عەبدولرەحمان ئەفەندی کە لە مەشایخانی قادرییە و مەدفوونی خاکی عەترناکە لە کەرکووك، هاتۆتە ئەستەنبوڵ و لە پەسنی جەلیلەی حەزرەت و نیعمەتەکانیدا، قەسیدەیەکی هۆنیوەتەوە، ناوبراو ئەهلی فەزڵ و کەمالاتە و لە تەرەفی والییەتی ویلایەتی ترابزۆن و قائیمقامییەتی شەهرەزووریشەوە ئەو باسە هاتووە و نامەی هەردووکیان هاوپێچ دەکەین. ناوبراو

یەکێکە لە ستوونە جوانەکانی عیرفان و لە ئەدیبانی مەشایخە و شایانی عینایەت و ئاورلێدانەوەی سوڵتانییەیە، بۆیە بە گونجاو زانراوە کە بۆ ناوبراو پێنج هەزار قڕووش عەتییە و ئیحسانی پێ کەرەم بکرێ. جا بە هەر شێوەیەك بێ ئەمر و فەرمانەکە پەیوەستە بە بڕیاری شەرەفسدوور و بەو شێوەیە تەزکیرە درا. 9ی شەعبانی ساڵی 1284.

لە پەراوێزی ئەم نووسراوەی سەرەوەدا، بەشی سەدارەت، نووسیویانە کە داواکارییەکە بۆتە جێی ڕەزامەندی جەنابی پادشا و پێویستە هەموو ڕێکارێك بگیرێتە بەر بۆ پێدانی ئەو ئیحسانە بە ناوبراو. مێژووی ئەم پەراوێزەش ڕۆژێك دوای نووسراوەکەیە کە 10ی شەعبانی 1284ی کۆچییە. (سەرچاوەی پێشوو).

**6-ئەنجام**

-شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، لای دەسەڵاتداران پایەیەکی بەرزی هەبووە و بە ستوونی جوانی عیرفان، ئەدیبی مەشایەخ، زێوەری عیلم و سەلاح و ئەهلی فەزڵ و کەمالات ناوی هاتووە.

-بەهۆی ڕاستکردنەوەی ساڵی کۆچی دوایی شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانەوە، هاتنەوەی شێخ ڕەزا لە سەفەری یەکەمی ئەستەنبوڵ بە دڵنیایی ساڵی 1275ی کۆچی بەرامبەر 1858ی زایینی بووە.

-شێخ ڕەزا قەسیدەیەکی 42 دێری بە زمانی فارسی لە پەسنی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی نووسیوە و ئەمەشی لە سەفەری دووەمی ئەستەنبوڵدا بۆ سوڵتان ناردووە و بەو هۆیەوە پێنج هەزار قڕووشی پاداشت وەرگرتووە.

-شێخ ڕەزا زیاتر لە دوو جار سەفەری ئەستەنبوڵی کردووە و جاری سێیەمی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بووە.

-شێخ ڕەزا نرخاندن (تەقریزنامە)یەکی بە شێوەی چوارین بۆ کتێبێکی وەرگێڕدراوی میهری کەرکووکی نووسیوە و ئەو چوارینەیە و قەسیدە 42 دێرییەکە تا ئێستا نەخراونەتە نێو دیوانەکەیەوە.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوری:**


- ✓ بەحرکەیی، مەلا طاهیر (2010)، مێژووی زانایانی کورد، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ✓ تەرزی باشی، عەتا (2011)، شێخ ڕەزای کەرکووکی و شیعرە تورکییەکانی، وەرگێرانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم. هەولێر.
- ✓ خاڵ و ئاشنا، شێخ محەمەد و ئومێد (2003)، دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- ✓ سجادی، علاءالدین (1952)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
- ✓ شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دیوان (1946)، کۆکردنەوەی علی الطالبانی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.


**بە زمانی عەرەبی:**


- ✓ البیاتی، عمران (1987)، لطائف الاخبار فی الاحادیث والادب والاشعار، بغداد.
- ✓ المدرس، عبدالکریم محمد (1983)، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، دار الحریة للطباعة، بغداد.


**بە زمانی تورکی:**


- ✓ ابراهیم، حیدری زاده (1329)، تراجم احوال صوفیه، مجله تصوف، نومرو 4، اسطنبول.
- ✓ امین، کمال (1927)، کرکوکلی شیخ رضا افندی، مجله فکرلر، سایی 3. ازمیر.
- ✓ مهدی خان، میرزا (؟)، مترجمی محمد مهری کرکوکی، استانبول.
- ✓ EMECEN, Feridun (1991) ,Atiyye–i Seniyye, TDV İslâm Ansiklopedisi, cild 4,İstanbul.
- ✓ KARA, Mustafa (2011), Tasavvuf II. Meþrutiyet'in ilânýndan sonra yayýmlanan dinî–tasavvufî dergi, TDV İslâm Ansiklopedisi, cild 40,İstanbul.
- ✓ İPŞİRLİ, BEYDİLLİ, Mehmet u Kemal(2000), Ibrâhim Efendi, Haydarîzâde (1864–1933) Osmanlı şeyhülislâmı, TDV İslâm Ansiklopedisi, cild 21,İstanbul.



**دەستنووس:**


- ✓ کەشکۆڵی شیعر، زانکۆی ئەستەنبوڵ، ژمارەی کۆد F1612.


**کۆدی بەڵگەنامەکانی عوسمانی:**

- ✓ A.}MKT.MHM. 396 – 5
- ✓ DH.ŞFR. 112 – 43
- ✓ İ..DH.. 591 – 41105
- ✓ İ..MVL.00425
- ✓ İ..MVL.00443
- ✓ İDH.00569
- ✓ İDH.00569
- ✓ İDH.00591.41105
- ✓ MVL.00775.00004.001

**نموونەی هەندێک لە دەستخەت و بەڵگەنامەکان:**


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

İ.DH.00569



T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI

دولت هستی نخواهد یافت مانندش ولی    ذات واجب ممتنع را چون به امکان آورد

1(a)

حرفی از قانون عدلش بر خلاف شرع نیست    بلکه قانونش شریعت را به میزان آورد

از عدالت میل در چشم جهان بینش کشد    گر به دورانش عجوز دهر دستان آورد

باد لایش خار بن بار رطب زد میدهد    با عنادش نیشکر خار مغیلان آورد

کوکب دین و دیانت را نیست از فروغ    ماه چکش گر خدا ناکرده نقصان آورد

بسکه هر ساعت بداد زیردستان میرسد    می نیارد چنگ را مطرب به افغان آورد

شیر را نخچیر سازد گربه گویش اگر    رو بی زور آزمایی در نیستان آورد

بر نیاید با دلیران سپاهش شاه روس    صلح را ناچار دستی در گریبان آورد

صلح و پیمانش رهاند از دم تیغ اجل    بر کند پیمانه‌اش را گر نه پیمان آورد

ای رسول الله را بر مسند دین جانشین    هم ترا باید اطاعت جن و انسان آورد

جانشین آن جنابی کز پی عز و شرف    سجده بر درگه حریمش عرش رحمان آورد

چند شرت پیشکش آورد دم و شرمنده‌ام    همچو بادانی که گوهر سوی عمان آورد

لاجرم شرمنده‌ام رسوا شود گر تاجری    لعل را بهر تجارت در بدخشان آورد

در پذیر از من بلطفش کو پیمانه با آنکه    زیره را نیز ار کسی سوی کرمان آورد

غیر مشتی دانه خشخاش و برگ سبز نیست    گر گدایی تحفه از بهر سلطان آورد

در حقیقت هوشمندانش نباید عیب گفت    مور اگر ران ملخ نزد سلیمان آورد

پیشکش با گوهر و مرجان هیچ شاید ولی    نیستش مرجان رضا بهر تو مرجان آورد

نبودش چیزی که باشد لایق درگاه شاه    مرحبا اسمعیل خود را بهر قربان آورد

تا بحکم رب و بعد شمس و دوران قمر    فصل و سال و ماه را تقدیر یزدان آورد

گاه بناید بهار و گاه بفرستد خریف    گاه تابستان کند گاهی زمستان آورد

آب و ایلول و شباط آذار و نیسان و تموز    مایس و کانون و تشرین و حزیران آورد


نوبهار عیشت ایمن دارد از طبس خزان    روزگار عمر با خضرت بپایان آورد

پایهٔ اورنگ جاهت از فلک برتر کند    سقف ایوان جلالت را بکیوان آورد


I. DH 569 / 39642

1(b)

**İ.DH.00569**


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA) ©
İ.DH 569/39642
4

**İ.DH.00569**




DH.MKT.00295.00022.011

